Kurdocide Watch · CHAK · Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# بەیاننامەی چاودێری کوردۆساید بە بۆنەی 23 ساڵەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە

ئەمساڵ کە یادی تاوانی هەڵەبجە دەکەینەوە جەماوەری گەلەکەمان بەروی نا دادپەروەری و گەندەڵی راپەڕیوون , ئێمە شانازی بەوەوە دەکەین لە تێکۆشان بۆ مافی قوربانیانی هەڵەبجە و مافی شەهیدان و بریندارانی و دانیشتووانەکەی زۆرترین سەربەرزیمان بەردەکەوێت , لە مێژووی ئەم 23 ساڵەدا هیچ پارت و رێکخراوێک بە ئەندازەی ئێمە کاری بۆ کەیسەکانی هەڵەبجە لە ئاستی ناوخۆیی و نێو نەتەوەیی نەکرد , هیچ رێکخراوێک بە ئەندازەی ئێمە دروشم و داواکارییەکانی جێگایان نەگرت , هیچ رێکخراوێک بە ئەندازەی ئێمە بوێرانە نای نەوت و سکاڵای لە بەرزترین بەرپرسی ئەم وڵاتە لە سەردەمانێکدا کەس نایوێرا فزە بکات نەکرد (( یەکەم بەیان و یەکەم چالاکیمان بۆ تاریق رەمەزان ئەنجام دا , سکاڵا لەسەر تاڵەبانی تۆمار کرا , داوای دەست لە کار کێشانەوەی هەرسێ سەرکردایەتییەکەمان کرد , سکاڵا لەسەر وەفیق سامەرائی و محیاوی و کۆنفرانس و خۆپیشاندانمان بۆ دادگایی جاشەکان و بێسەروشوێنکراوان ئەنجامدا .....)), 10 ساڵە خەمی هەڵەبجەمان لە کۆڵ ناو دڵسۆزانە کارمان بۆ کەیس و خەڵکەکەی کرد و لە گەڵ هەمووان لە ژێر جامانەکەی عومیر خاوەر کۆبوینەوە .

لێرەشەوە راشکاوانە دەڵێین مخابن داخوازو داواکاری قوربانیانی جینۆسایدی کورد کە خۆی لە دادگایی تاوانباران و قەرەبووی مادی و مەعنەوی و پشکنینی راستییەکان و باشترکردنی باری

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.

ژیانی کەسوکاری قوربانیان دەبینێتەوە لە ناو داخوازو داواکاری خۆپیشاندەران و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا نەبینییەوە , ئێمە لە یادی 23 ساڵەی تاوانی هەڵەبجە بەشێک لەو داواکاریانە دەخەینە بەردەست رای گشتی کوردستان :
-موچەی کەسوکاری قوربانیان و بریندارەکان نابێت لە 10%بەرز ترین موچە لە ئاستی هەرێمی کوردستان کەمتر بێت (هەرچەندە ئەمەش کەمترین داواکارییە ).
-بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان وەک خۆی جێبەجێ بکرێت و تۆمەتبارانی تاوانی ئەنفال(423کەس) کە (258کەس)ی لە کوردستانن لە زوترین ماوە جێبەجێ بکرێت .
-هەموو ئەوانەی زیان مەند بوونە لە تاوانی هەڵەبجە (( وێران بوون , دزینی ماڵ , روخاندن , بڕینی بانکەکە .... ))قەرەبوو بکرێنەوە لە لایەن حکوومەتی ئێراق و ئەو لایەنانەی بەشداری هێرشی هەڵەبجەیان کرد, بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ (ینک , پدک , سۆسیالست , بزووتنەوەی ئیسلامی , مەجلسی ئەعلا ).
-حکوومەتی ئێراق و ئەو لایەنانەی لە خاڵی پێشوو ناومان هێنان به فەرمی داوای لێبوردن لە تاک بە تاکی قوربانیانی هەڵەبجە بکەن بە شەهیدان و بریندارانەوە .

**چاودێری کوردۆساید- چاک**
**Kurdocide Watch**
www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com
10-3-2011

**چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە 6-1-2002 دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالـــکردنو جینۆسایدی گەلی کــورد- چاک )کاری دەکرد، لە بەرواری 24-1-2009 ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .**

چاودێری كوردۆساید ناسراو بە چاك لە 6 - 1- 2002 وەكو كەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایكبوو, پاشان لە 2002 دا ناوەكە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد - چاك , لە 24 - 1- 2009 دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.